**چی دەبێ بکەیت ئەگەر داوات لێکرا خۆت دوورەپەرێز بگریت بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)**

**خۆ دوورەپەرێز گرتن کاتێک کەسێک کە لەگەڵیدا دەژی ڤایرۆسی کۆڤید-19 ی هەبێت**

**یان**

**خۆ دوورەپەرێز گرتن کاتێک کەسێک کە لەگەڵیدا کار دەکەیت ئەنجامی پشکنینی بۆ ڤایرۆسی کۆڤید-19 پۆزەتیڤ بێت**

ئەمە مانای ئەوەیە:

- تۆ دەبێت لە ماڵەوە بمێنیتەوە بۆ ماوەی 14 ڕۆژ.
- ڕێگا مەدە خەڵك سەردانی ماڵەکەت بکەن و مەڕۆ دەرەوە بۆ ماوەی 14 ڕۆژ.
- تۆ **نابێت** بڕۆیت بۆ سەرکارەکەت، بۆ دوکانەکان یان ئەو شوێنەی لێی دەژیت بەجێ بهێڵیت بۆ هەر هۆکارێك لە ماوەی 14 ڕۆژ خۆ دوورەپەرێز گرتن.
- گشت ئەندامانی ماڵەکەت دەبێ ئەوانیش ماوەی 14 ڕۆژ خۆیان دوورەپەرێز بگرن.
- منداڵانی کە لەگەڵتدا دەژین دەبێ بۆ ماوەی 14 ڕۆژ خۆیان دوورەپەرێز بگرن و نابێت بڕۆن بۆ قوتابخانە یان هەر دامەزراوەیەکی تری تایبەت بە منداڵان.

**خۆ دوورەپەرێز گرتن کاتێک ئەنجامی پشکنینت پۆزەتیڤ بێت بۆ ڤایرۆسی کۆڤید-19**

- ئەگەر ئەنجامی پشکنینی بۆ ڤایرۆسی کۆڤید-19 پۆزەتیڤ بێت تۆ دەبێت خۆت دوورە پەرێز بگریت بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لەو ڕۆژەوە کە ئەنجامی پشکنینەکەت پۆزەتیڤ دەرچووە.
- ئەگەر نیشانەکانت لەسەر دەرکەوت هەوڵدە چەند دەتوانرێت خۆت دوور بگریت لە کەسانی تری ناو ماڵەکەت
- ئەگەر تۆ پلەی گەرمیت هەر بەرز بوو لەدوای 10 ڕۆژەکە، بەردەوام بە لە خۆ دوورە پەرێز گرتن تاکو پلەی گەرمی لەشت دەگەڕێتەوە باری ئاسایی و داوای ئامۆژگاریی پزیشکی بکە لە پزیشکە گشتیەکەت GP

**یارمەتی و هاوکاری**

- ئەگەر پێویستیت بە هاوکاری تر هەبێت، تکایە تەلەفۆن بکە بۆ خزمەتگوزاریی ئامۆژگاری و هاوکاریی سەفۆك بۆ ژمارە 3131 068 0800 (لە کاتژمێر 09:00 – 17:00 ڕۆژانی کۆتایی هەفتە)